بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر داواکاریەک ئاراستەی هاووڵاتیان دەکات

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە کە داوا لەهاووڵاتیان دەکات ئاگاداری پێیوەندییەکانیان بن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

لە راگەیەندراوەکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێردا هاتووە، هاوکێشە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووک) و (ئینستاگرام)، کۆمەڵێك کەسی لێیاسادەرچوو لە هەردوو ڕەگەزی پیاو و ئافرەت، کە زۆرینەیان لە نەتەوەی عەرەبن و بە شێوەی گرووپ کار دەکەن، خەڵکی چەند وڵاتێکی عەرەبیی جیاوازن و هەندێکیان نیشتەجێی شارەکانی خواروووی عێراقن، نامە دەنێرن و خەیان دەکەنە هاوڵی خۆیان.

ئاماژەی بۆشکرد، دوای ئەوەی خەیان دەکەنە هاوڵی خۆیان، سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشن و کامەرایان بە دەکەنەوە و بە شێوەیەکی نەشیاو خەیان نیشانی بەرامبەرەکانیان دەدەن، لەم ڕەگەیشەوە قیدیۆی کەسانی قوربانی تۆمار دەکەن و دواتر هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی گرتە قیدیۆییەکان دەکەن.

لەراگەیەندراوەکەدا ڕوونکراوەتەوە، سەرەتا پێش ئەوەی قسە لەگەڵ بەرامبەرەکەیان بکەن، لەگەڵ

هەموو ئەو کەسانەی برادەری کەسکەن یان خزم و کەسوکارین، لە فەیسبووک یان ئینستاگرام، خۆیان دەکەنە هاوڕێ، پاشان ئەو گرتە ڤیدیۆیەی تەماریان کردووە بە سەرجەم هاوڕێ و خزمەکانی قوربانییەکە ڕەوان دەکەن یان لە بەرامبەر بڕاوە نەکردنەوەی گرتە ڤیدیۆیەکان، داوای پارەی لە دەکەن کە شێوازی پارەدانەکەش بە ڕێگای دراوە ئەلیکترۆنییەکان دەبێت، بە ئەوەی بڕێکی ناسنامەکانیان ئاشکرا نەبێت.

بەڵام بەرایەتی ئاسایشی هەولێر داوا لە هاووڵاتیان دەکات ئاگاداری پەیوەندییەکانیان بن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و متمانە بە کەسێک نەکەن کە نازانن کێیە و بچێ مەبەستێک پەیوەندیی پێتانەوە کردووە.